


# گەوجەی بەدبەخت

محەمەد کەریم نانەوا

کـورت و موختەسـەر، جەنابـم، تەمەنـی پیـرە بەرانێکـی کەتـرەی وەبەرمـاوە، لەگـەڵ ئەوەشـدا، عاشـقم، خەریکـە شـوێنی مەجنوونەکـەی لەیـلا دەگرمـەوە، مەجنـوون لـە چـاوی منـدا بـە عاشـق لەقەڵـەم نـادرێ، یەکێکـم خـوش دەوێ، تەمەنـی پیـرە بزنێکـی گـەڕی وەبەرمـاوە، بـەڵام ئـەوە دڵـە و وەکـوو مێـش لەسـەر هەمـوو شـتێک، پیسـاییەک هەڵدەنیشـێت و مرومـۆ دەکات.

لۆمـەم مەکـەن، ئـەو خۆشەویسـتییەم لـە دەسـەڵاتی خۆمـدا نییـە، هاوشـێوەی کووچ کووچـەی جەنجەڕ پەلکێشـم دەکات، ئـەوەی جەنابـم ئالـوودە و شـەیدای بـووم، لـەڕۆژگاری دوای ڕاپەڕینـی دەسـتەجەمعیدا لەچـاو چاوانـێ و چاولێکەرییـەوە گرفتـاری کـردووم، ئەویـش بـەداوی پیرەژنێکـی دەلیسـەی بـێ بنپـۆش، نازانـم چەنـد سـواری وەکـوو منـی پەڕانـدووە.

ئەگـەر چـی کـەڕ و لار و هیشـک و ڕەق، وەک مەترەقـە، نابینـا و یـەک داوەمـوو چییـە، بەسـەریەوە نەمـاوە، لـچ و لێـو و ڕوومەتـی ئەوەندەیـان هەڵمژیـوە و گەزەیـان لـێ داوە، هەمـوو لپـر لپـر و بـە کـوردی و کرمانجـی ترپـی تـەڕی تێـدا نەمـاوە، کەچـی هێشـتانەکێ بـە (جـۆ) نـادا، پـێ و پـل، هـەر چوارپەلـی کوتمەیـە، ئەگینـا قلـە نیسـکی بەدیواریـدا هەڵدەواسـی، لەگـەڵ ئەوەشـدا، ئـەو بوویتـە سـوار و بەنـدەش پیـادە، تـۆزی ناشـکێنم.

هەرچەنـدی دەکـەم و دەکۆشـم دەسـتم نایگاتـێ، بەئاواتـم ئاوڕێکـم لـێ بداتـەوە، زۆر جـاران بەپلکـە پێنـاوێ، سـڵاو و ڕێـز و ئیحتیرامـی بـۆ دەنێـرم، نەخێـر، تەقـەی لەسـەریەوە دێ، چونکـی بـێ منەتـە، ئەزنـا، باپیـرە گـەورەی مـن، بـۆی دێتـە سـەرچۆک.

لەداخان و لەحەژمەتان، وەکوو قەمبووری تۆتردام کووڕی کردوومەتەوە، خەفەتخانی کردووم.. دەزانم دەیەوێ بەم دەردەوە لەپێش چاوی نەیاران ڕیسوام بکات، بمکاتە پەتیارەی زەمانە، بەتەنەکە لێدان پەرگەندەی دەشتودەر و کێوانم بکات.

ئاااخ... دەردێکی بێ دەرمانە خوا کردبای دڵ و دەروونی پڕاوپڕ بایە لە میهر و بەزەیی.. جارێک، تەنیا جارێک میوانداری کردبام، ئەو خۆی بەرەکەتە، وەکوو بارانی بەهار، خێروبەرەکەت دەستم دەگرێ، هەتاکوو ئەو ڕۆژەی قابزل ئەڕواح، پۆشاکم لەبەردا دادەدڕێ، خەنی دەبووم، کەچی دەزانم ترشە پێم قووت نادرێ.

ئاااییی... کە بێوەژنێکی مەکرۆ و عەیارە، بەڵام ئەوەندە لەبەردڵان شیرینە، لە دەستی دێ، برا و برا.. ئامۆزا و ئامۆزا.. کوڕ و باب.. ژن و مێرد.. عەشیرەت و عەشیرەت.. میللەت و میللەت، بەیەک غەمزە، دۆودۆشاو تێکەڵ بکات.

خوای دەکرد، ئەز بەدیداری شاد و بەختەوەر دەبووم؟!.

خڕ، ناکۆکەکان، لە ڕووباری دیژلە و فرەهاتدا، لەتێنان زمانیان دەشکا، نغرۆ دەبن.

ئەگەر ئەو زاڵم بابە تۆزێک نەرمی بنوێنێ، بەزەردەخەنێک ئاوڕێکم لێ بداتەوە کوو دێلم بەگڵەسەر، پرچ و پەرچەمی بشوات، پەیمان بێ!! تایەنی بۆ دەگرم تایەن، بە شیری حوشتر و ماین، قەیماغی گامێش، لەنێو بانیۆدا بیشوات، بە پەشتەماڵی ئاوریشم هیشکی بکاتەوە، بەمسکی مامز شا بسکی شانە بکات.

کەچی ئەو بێ مروەتە، خۆی لێم کردووە بەهەناری مێخۆش، تۆ بڵێ هەی سەر بەهەش، ئەگەر ئەتوو هیچوپووچ نی، خۆت بە پاکیزە دەزانی، ڕووی خۆتم بدێ، هەینێ!

کەلامێ من، لەزاری مێرخاسان کەوتبێت، سبەینان بۆ قاوەڵتی هەرمیشک بە (کەرە)ی، مەڕەقولە و فرۆ و هەنگینی کوێستانەکانی وڵاتی شەهیدانی ڕاستەقینەی سەنگەر کە هەمیشە زیندوو و نەمرن، قاوەڵتی بکەی.

ئاااییی.. ئەگەر وەکوو جوانە ماینی مەعنەگان بۆم ڕام دەبوو، دەستەمۆم دەکرد، وەلێ یەقین دەزانم کە بۆم ناسوڵحێ، چونکی لەدامێنی کۆنە سەلیتەیەکی دەربیاری ناجسنان بەربویتەوە، بۆ منێکی هەژار و ڕاستگۆ سەرنانینیتە بەرێ، کەچی هاوشێوەی پیرەماینێکی قۆتڕی بە تەرەب، بۆ دز و گەلۆران سمکۆڵ دەکات و دەحیلێنی.

ئاااییی.. کە لەخۆڕازی و بێ منەتە، بەدەنگمەوە نایەت، چونکی جۆکەرە، کامە بورغی عاسیی و سلەکە خۆی لەبەر ناگرێ، دوێنێ شەوا بووری، هاتە خەونم، لەو خەونەمدا، دوو، سێ نەقورچەی خێواندە کەلەکەم، قیت بوومەوە، لەخۆشیان حەپەسام، وامزانی بەخت یاوەرمە، کەچی گۆتی: گەوجەی بەدبەخت، بیستوومە لێرەولەوێ، بەخراپە باسم دەکەی، تۆ هێشتانەکێ فێری ئاخافتن و زمانی سیاسەت نەبووی.. فەتیری، ئەگەر دەتەوێ ئاوڕت لێ بدەمەوە، لەکاتی بانگەشەی هین، بڵێ: چیای قەرەچووغ دەبەمەسەر (یەکاو)، جەبەل بۆر، دەبەمە ڕیزی حەمرین، گارە و خواکورک و قەندیل و حەسارۆست و گۆیژە و زمناکۆ لەگەڵ بەرانان و حەمرین دەستی یەکدی بگرن.

هۆتۆ فێری لێدوان بە بەحۆقەبازی، ئەگینا جارێکی دیکە گوێ بیست بم، بەچاک خراپ باسم بکەی، وات لە حاڵی، تۆ من ناناسی، من کورسی خانم، کورسی خان، ئەوە پێت دەڵێم!

(نەکەی چیتر ناوم بێنی، بێ و بپرسی بڵێی چۆنی، هان ئەدەم لێت دەن بەدار، ژینت لێ بکەن ژار)

ئیدی حیزی لۆکە، هەمبانەیە هەتا تێی پەستی دەیگری، زۆر تووڕەبووم، پێم گۆت: وەی ئاوڕم لێ دەدەیەوە نادەیەوە.! بەهینی بارگینم.

٢٠٢٤